
www.kurdistannet.org
23-1-2003 0:37

# یادی ڕێبەندان

عەبدولواحیدی خەندەڕەش
awkhandarash@yahoo.com



هەموو ساڵێ لەم ڕۆژە مێژووم وەبیر دێتەوە
بە تینی هەستی میلیم شەختەوار دەتوێتەوە
بەچاوی هەست دەبینم لە چوارچرای مەهاباد،
لە ژوورسەری پێشەوا ئاڵا دەشەکێتەوە.
ئاڵای سپی و کەسك و سوور هێمای یەکێتیی کوردان
پێتەخت و رووگەی ئاوات مەهابادی بەرخوەدان
دەستەملانی یەکدی بوون شادمان و بەختەوەر،
تۆماریان کرد بۆ مێژوو شانازیی دووی ڕێبەندان.
چراکەی چوارچرایە مەشخەڵی رێی خەباتم
نارەتەی پێشەوایە دروشمی رێی نەجاتم
رێچکەی کاروانی سوورە نەزەرگەی بیرو مێشکم
رێبازم وا پیرۆز بێ رزگار دەکەم وەڵاتم.
وەرن! رۆڵەکانی گەل، کوڕ و کچ و جوان و پیر،
دەس خەینەنێو دەستی یەك بەوێنەی قفڵ و زنجیر.
بۆ یەك پشتوپەنا بین، کەسوکار و برا بین
بۆ ماف و ئازادیی گەل بکەین راوێژ و تەگبیر.

تێبینی کوردستان نێت:
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣